# بۆ كویٚ ئەڕۆن ؟!

من نەمبینی ،وەلیٚ ئەوانەی کە بینییان بۆیان باسکردم کە چۆن چۆڕاوگەی فرمێسک جووتیٚ جۆگەی لە سەر ماکیاژی بووک دروست کردبوو،کەس نەیبینی وەلیٚ من دیم کە چۆن ئەو لاوەی لەوبەرەوە تەماشای ئەکرد ،تامەزرۆبوو جەستەی بکاتە بەربەستی ئەو فرمێسکانە.

بۆ کویٚ ئەڕۆن........؟!

ئەی کچانی،

قژ بەرەلاو دەمداخراو!

ئەی کوڕانی،

دەمبەرەڵاو چاو دابەسراو!

بە قاتی شاڵو کراسی پولەکەوە،

بۆ کویٚ ئەڕۆن؟!

ئەڕۆن تەرمێک وەک بووک ئەبەن؟!

ئەڕۆن لە مەرگی کچێکی هاوڕێتانا هەڵئەپەڕن؟!

ئەڕۆن خەج و سیامەندێک ئەکوژنەوە؟!

ئەڕۆن مێژوی نغرۆی تاوان.....................

لەڕۆژ ژمێری ئەمڕۆدا ئەنوسنەوە؟!

مەڕۆن...مەڕۆن...هەڵمەپەڕن!

چ دونیایەکی ناتەباو ئاوەژووە،

لە گەرمەشیندا هەڵپەڕین!

لەمردنی ئازیزانا تەنها ڕوانین!!

*　　*　　*

بۆ کوێی ئەبەن؟!

ئەوە لاشەی مردوویەکەو ،

بۆچی زاوای تێبەرئەدەن؟!

ئەوە مریەمی عەزرایەو،

ئەیبەن بەزۆر ئەتکی ئەکەن!!

ئەوە بەیداخی ڕاستییە،

بۆچی گڕی تێبەرئەدەن؟!

بۆ کوێی ئەبەن؟!

ئەو نەمامە یەکساڵەیە بۆ کویٚ ئەبەن؟!

مەڕواننە بەژنی بەرزی!

گەر تا دوێنیٚ بە پێوە بوو،

من لە پاڵیا داکوترابووم.

من دارتووبووم،

ئەویش وەک مێو...بەخەیاتەی پەنجەکانی

لێمئالابوو!!

تەختەداربووم،

ئەویش وەک دەستێکی شکاو...بەمنەوە توند جەڕابووو!

من ئەستونی ڕەشماڵی ئەو دڵە رووخاوەم،

بۆ هەڵمنادەن لە ژێریا ؟!

بۆ کوێی ئەبەن؟!

**دەستم فێرە....**
**بۆ قژی وەک قردێلە بێت!**
**شیعرم فێرە.....**
**بۆ گوێچکەی وەک گوارە بێت!**
**چاوم فێرە.....**
**بۆ ڕێگای هەڵەتو سەختی،**
**وەک دووربین بێت!**
**بۆچی من نابەن لە گەڵیا؟!**
**بۆچی من ناکەن بە کفن و،**
**هەر بە تاڵێکی پەرچەمی،**
**وورد وورد نامدورن بە لەشیا؟!**
**بۆ ڕێمنادەن ببمە خوێن و،**
**بگەڕێمەوە بە دڵیا؟!!**


**گۆران عەلی**
1995
goranmad@hotmail.com